# کوردوکوردستان,بازاڕی سات و سەودای بۆرژوا _ ناسیۆنالیستی کورد

عوسمان _ م
26.05.2005

بورژوا ناسیونالیستی کورد بە چەپ و راستیانەوە، بە دیندار و بێ دینیانەوە بازارێکیان بە بەرینایی کوردستان کردوەتەوە و تێیدا هەر هەمو خەلکی مرد و زیندوی کوردیان هەراج کردوە. کورد چەک و تەقەمەنیە، کالا و کەرەسەیە، ئامرازی وەدەست هێنان و پاراستنی دەسەلاتە و کوردستانیش شوێنی تاقی کردنەوەیە. حیزبەکان و کەسایەتیە ناسیونالیستەکانی کورد نەک هەر داگیر کەرانی کوردستان، بەڵکو تالانچیانی جیهانیشیان هێناوەتە ئەم بازارە و بەسەر خوێن و خەبات و ئاوات و ئارەزوەکانی کوردەوە دەلاڵی ئەکەن. بۆ پاساو کردنی ئەم تیجارەتەیان لە پشت کۆمەڵێک ووشە و دروشمی کاریگەرەوە کە لە ژیان و چارەنوسی خەڵکی کوردستان دا دەوری گێراوە و دەگێرێ، سەنگەریان گرتوە. ووشە و دروشمەکانی نیشتمان و نیشتمان پەروەری، نەتەوە و ئاڵای کورد، خوێنی شەهیدان و مافی میللتیان کردوتە پەردە و رەنگ و بەرگ و لەبەریان کردوە و بەم شێوەیە خۆیان بەسەر موقەدەرات و ئیرادەی خەڵکی کورد دا سەپاندوە.

ئەوەیکە روون و ئاشکرایە، خۆشەویستی نیشتمان و کورد پەروەریی ریاکارانەی سەرانی ناسیونالیستی کوردە! ئەمانە هەرکامەیان بە پێی قازانجی خۆیان تەعبیر لە کوردستان و کورد ئەکەن. بۆ تاقمێکیان کوردستان یانی ناوچەی ژێر حاکمیەتیان و نەتەوەش یانی هۆز و عەشیرەی خۆیان، بۆ حیزبێک یان گوروپێکی تریان کوردستان یانی کێڵگە و کوردیش یانی فەلا و رەنجبەر و گزیریان، بۆ کەسان و ژمارەیەکی تریان کوردستان یانی کارگە و مەعمەل و کوردیش یانی کالا و کەرەسەی هەڵسورانی سەرمایەکانیان و بۆ تاقمێکی تریان کوردستان یانی ملک و ماڵی بە ئیرس جێ ماوی باوباپیرانیان و کوردیش یانی ماڵاتیان.

بەم شێوەیە فەزایەکی پڕ لە گومان و ئاژاوە و ترسیان پێک هێناوە و لە سایەی ئەم فەزا تەماوی و لێڵە و هەستی کوێری عەشیرەیی و حیزبی دا بازاری هەلپەرەستی، دەسەڵات خوازی، مشە خوری، نیشتمان و هاونیشتمان فرۆشییان ئاواڵە و گەرم راگرتوە. خەڵکی کوردستانیان بە سەر زاراوە و عەشیرە و ناوچەی جۆراوجۆر دا دابەش کردوە و سنوریشیان بۆ دیاری کردون. هەرکامەیان بەشەکەی ژێر حاکمیەتی خۆیان بە حەقدارتر و بالاتر دادەنێن و لەسەر جیاوازیە کولتوری و تەنانەت زمانیەکانیشیان تەئکید ئەکەن. بەردەوام راستیەکان ئەشوێنن و خەریکی درۆ کردنن. ریاکارانە رواڵەتی دلسۆزی و پەرۆشی میللەتیان بە خۆوە گرتوە و هەر کامەیان خۆی بە رەوا ئەزانێ و بە دروست کردنی شەری ناوخۆ و لە گیان یەکتر بەردانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجە نا ئینسانیەکانیان بەرنامە دادەرێژن. لە شەری دەسەڵاتی سەرانی ناسیونالیستی کورد دا زیاتر لە 16 هەزار پێشمەرگەی کورد لە کوردستانی عێراق کوژراوە. رۆژانە سەناریوی جۆراوجۆر دادەرێژن بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵکی کورد بە قیمەتی نابودی میللەتێک کە هیچ سودێکیان لەم کێشە و شەر و سەناریوانە دا نیە. رۆژێک پارلمان دادەخەن و رۆژێک ئەیکەنەوە و دیسان دای ئەخەنەوە.

بەم شێوەیە ئەبینین خۆشەوەستی کوردستان و عەشق بە نەتەوەی کورد و مافی ئینسانی کورد، تا ئاستی قەبیلە و حەشیرە و حیزب پەرەستی دابەزیوە. سەرانی ناسیونالیستی کورد بە شاهێدی مێژووی تا ئێستایان پەروش و مەسەلەیان، تەنیا گەیشتن بە قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی و دەسەڵاتی خۆیان بوە و هەیە. کارنامەی کەسان و سەرانی ناسیونالیستی کورد سەلمێنەری ئەو حەقیقەت و راستیەیە کە هیچکاتێک، نە دوێنی، نە ئەمرۆ و نە سبەی رۆژیش بیر و مەسەلەیان مافی کورد، کەرامەتی کورد، رزگاری کورد و کەسایەتی کورد نەبوە و نیە و نابێت!! سەرەرای دەرکەوتنی ریاکاری و جینایەتەکان و خەیانەتەکانیان دەرحەق بە میللەتی کورد، دیسانەکە درۆشمی ریاکارانەی کورد و کوردستان پەروەری بەرز ئەکەنەوە. باسی مافی لەدەست چوی کورد ئەکەن و فرمێسکی درۆیینە بۆ کورد هەڵ ئەرێژن. بەڵام موشکلی ئەمانە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان هوشیارتر، زاناتر، تێگەیشتوتر لەوەن کە ئەوان بیری لێ ئەکەنەوە! خەڵکی کورد ئێستا هەمو شتێک ئەزانن، و تێدەگەن! ئەزانن کە ناعەداڵەتی و نابەرابەری، بە هیچ بیانویەک پاساو ناکریت. شێوەی زوڵم و ستەم و حاکمیەت، گۆرانێک لە ئەسڵی قەزیەکە دا پێک ناهێنیت! بۆ خەڵکی کوردستان، هیچ فەرقێک ناکا کە حاکم، چ مەزهەب و رەنگ و زمانێکی هەیە! ئەوەیکە سەرکوتی ئەکات، سامانی ئەدزێ و بە تالانی ئەبات ئەمرۆ کوردە و هاو زمان و هاو نەتەوەی خۆیەتی.

خەڵکی کوردستان باش ئەزانن ئەوانەی کە پێ لەسەر جیاوازی زمانی، زاراوە و بێژە، عەشیرە و ناوچە دادەگرن، و سنوریان بۆ دیاری ئەکەن، تەنیا بۆ دوبەرەکێ نانەوە لە نێوان کورد و لە ئاوی لێڵ ماسی گرتنە و هیچیتر! خەڵکی کوردستان چاک لەو راستیە گەیشتون و دڵنیان کەسانێک کە ئەمرۆ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات نیشتمانی خۆیان ئەفرۆشن، سبەینێ، بە ئاسانی بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە، هاونیشتمانەکانیشیان ئەفرۆشێت وەک فرۆشتیان!

ئاستی گەشەی بیر و هوشیاری کورد، ئێستا زۆر لەوە زیاترە کە سەران و حاکمانی ناسیونالیستی کورد بیری لێ ئەکەنەوە! تا دوێنێ بوو ناسیونالیستی کورد لە کوردستانی باشور {عێراق} هۆی هەژاری و نەداری، شەر و ئاوارەیی، بێ دەرەتانی و نائەمنی و زیندان و دواکەوتوییان بە نەبونی دەوڵەتی کوردی و دەسەلات

و زوڵم و ستەمی دەوڵەتانی سەرکوتگەر و داگیرکەری بێگانە پاساو ئەکرد، ئەمرۆ خۆیان دوو دەوڵەتیان هەیە و زیاتر لە 14 ساڵە حاکمن و کە چی لە سەدام زیاتر خەلکی خۆیانی توشی شەر و کوشتار و ماڵ ویرانی کردوە!

خەڵکی کوردستان هیچکاتێک، بنەمای قەزاوەتی خۆیان لە بابەت یەکترەوە، بە بەستراوەیی عەشیرەیی و خێڵەکی و قەومی دانەناوە. کێ هەیە کە نەزانێ لە کوردستان ئەو هەموو جینایەت و خەیانەت و هێنانی لەشکری داگیرکەران و کوشتاری لاوانی کورد لە دەیان ساڵی رابوردو دا، کێ ئەنجامی داوە. هەر ئیستا تەواوی باندەکانی تاڵانکەری سامانی کوردستان و تاجرانی خوێن و فرمێسک و خەباتی سەدان ساڵەی کورد، دەسەڵات دارانی کوردە لەگەڵ هاو قەتارە ناسیونالیستەکانی فارس و عەرەب و تورک یانن لە ناوچەکە.

سەرەرای دورەنگی و ریاکاری و پیلانی هاوبەشی سەرانی ناسیونالیستی کورد و دەوڵەتانی بورژوا ناسیونالیست شوڤینیستی ناوچەکە و ئەمپریالیستەکان، میللەتی کورد، هیچکاتێک ستەم و دەستدرێژی و سەرکوت گەریەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری نەخستوەتە ئەستۆی خەلکی تورک و عەرەب و فارس و هتد. چونکە میللەتی کورد باش ئەزانێت کە ئەو میللەتانەش وەک کورد لە لایەن دەوڵەتانی خۆیانەوە کەوتونەتە بەر زوڵم و ئاوارەیی، زیندان و شکەنجە، سەرکوت و چەوسانەوەی هەمە لایەنە.

میللەتی کورد ئێستا باش ئەزانێت کە حاکمانی بورژوا- ناسیو نالیستی خۆی و حاکمانی تری ناوچەکە و دەرەوە لە بابەت چەوسانەوەی میللەتانی خۆیان هاوپشت و پاساوگەری یەکترن . هەروەها ئەوەش ئەزانێت کە میللەتانی تر لە هەر رەنگ و زمان و مەزهەب و رەگەزێکیتر، لە خەبات لە دژی دەڵالان و سەرمایەدارانی حاکم و تاڵانچیانی جیهانی قازانج و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و هاوچارەنوسن.

خەڵکی کوردستان باش ئەزانن کە سامانی کوردستان هینی تەواوی خەڵکی کوردستانە، لە هەر زاراوە و وێژە و رەنگ و ناوچەیەک! هیچ جێگایەکەی کوردستان تایبەت بە عەشیرە و حیزبێکی تایبەت نیە و هی هەمو میللەتی کوردە و دەبێ بە شێوەی یەکسان و بەرابەر لێی بەهرەمەند بن! نەک سەران و فەرماندەکان و ئاغا و دارودەستەی حاکمان لە نێوان خۆیان دابەشی بکەن و میللەتیش لە دورەوە تف قوت بدا، یان سوالکەری ئەم ریکخرا و ئەو رێکخراوی خێرخواز بێت.

خەڵکی کوردستان ئێستا باش ئەزانن و تێگەیشتون کە تەنیا رێگای رزگار بونیان لەم بارودۆخە نائینسانی و بێ ئاسۆییە، خەباتێکی هاوبەشی جەماوەریی ژیرانەیە و شکاندنی لمبۆزی داگیرکەرانی رەنگاورەنگ و نۆکەرانی ناو خۆییانە کە حاکمانی ناسیونالیستی کوردن.
هەر ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەمو روناکبیران، نوسەران و ئەدیبانی پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز، کرێکاران و زەحمەتکێشان و کومونیستەکانی کوردستان شان بە شانی یەکتر بۆ لەقاودان و رسواکردنی رواڵەتی فریوکارانە و دڵسۆزیی ریاکارانەی سەرانی ناسیوناڵیستی کورد دەست بەکار بن و بۆ کوردستانێکی ئازاد و عادل و ئینسانی هێز و بیر و تواناێان یەک بخەن و دەست پێ بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئینسانیانەمان، ئەبێ ریزمان لە ریزی ناسیوناڵیست و شوڤینیستی کوردی و هەلپەرەستانی ریاکاری بەناو چەپ و کومونیستی دەسەڵات خواز و ریاکار جیا بکەینەوە. بە خۆشیەوە هەر ئێستا دڵسۆزانی راستەقینەی کورد و کوردستان دیارن و خەریکی خۆ ساز دان و خۆ ریکخستنن بۆ شۆرشێکی بەرینی هەمە لایەنە لە کوردستان! نیشتمان پەروەرانی راستەقینەی کورد هەر ئیستا داوای سەربەخۆیی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بۆ کوردستان ئەکەن!

کومونیستەکانی کوردستان عاشقانی راستەقینەی رزگاری و ئازادی و سەربەستی کورد و کوردستانن !! عەشقی کومونیستەکان وەک هەموو نوسەران و شاعیران و خوێندکاران، ماموستایان، روناکبیرانی دڵسۆز و راستەقینە، وەک هەمو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد بریتیە لە عەشق بە خەڵک و بەرژەوەند و قازانج و چارەنوسی خەڵکی کورد، یانی عەشق بە حورمەتی ئینسانی و ئازادییان، یانی عەشق بە ماف و شادی و سەلامەتی و بەختەوەریی داهاتویان! عەشقی کومونیستەکان بە کوردستان، کە هەمان ئاواتەکانی رەنجدەران و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردە! یانی خەبات بۆ پێک هێنانی کوردستانێکی عادڵ و ئینسانی و مافی بەرابەری ژن و پیاو، مافی یەکسانی تاک و کۆمەڵایەتیی تەواوی کەسانێک کە لە کوردستان ئەژین، بە بێ جیاوازی قەومی، رەگەزی، مەزهەبی و زمانێک کە هەیانە.

عەشقی کومونیستەکان، هەمان ئاوات و ئارەزوەکانی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیتوی کوردستانە! یانی رێز گرتن لە تەواوی ئەو ئینسانە سەربەرز و دلسۆز و بەرابەری خوازانەی کە سەر شۆری و نۆکەرایەتی داگیرکەران و ئەمپریالیستەکانیان قەبوڵ نەکرد و بۆ سەربەرزی و ئازادی وولات و خەڵکی

چەوساوەی خۆیان خەباتیان کرد و گیانی خۆیان لەدەست داو ئەوانەش کە بەردەوام درێژە دەری خەباتن! یانی عەشق بە درێژە دەرانی ڕێگای ئەوانەی کە سەر بەرزانە و شەرافەتمەندانە ژیاون و مقاومەتیان کردوە بەڵام سواڵی ئازادییان لە تاڵانچیانی جیهانی و داگیرکەران نەکردوە!

بە دڵنیاییەوە کومونیستەکانی کوردستان شان بە شانی ژنان و پیاوانی بەرابەری خوازی کورد، شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان تا سەرکەوتنی یەکجاری لە خەبات ناوەستین و کوردستانمان خۆش ئەوێ! شار و لادێیەکانی خۆمان خۆش ئەوێ! و بۆ کردنی بە کۆمەلگایەکی ئینسانی کە تێیدا مافی هەموان دەستەبەر و پارێزهراو بێت تێدەکۆشین!! باش ئەزانین کە مەرجی یەکەمی جیهانی بونمان و عەشق بە بەشەریەت، عەشق بە خەڵکی خۆمان و تەواوی ئەو ئینسانانەیە کە لە ناویان دا گەورە بوین، و لەگەڵمان ڕەنجیان کێشاوە!

کەسێک کە نیشتمان فرۆش بێت، ناتوانێ دەم لە سەربەرزی و ئینسانیەت بدا! کەسێک کە میللەت فرۆش بێت، ناتوانێ نەتەوە پەروەر بێت! کەسێک کە نۆکەری تالانچیان و جینایەتکارانی جیهانی و دەوڵەتانی کونەپەرەستی ئیسلامی بێ، ناتوانێ ئازادیخواز و دێموکرات و پشتیوانی مافی مرۆڤ بێت!
ئەوانەیکە خۆیان بە دێموکرات، پشتیوانی مافی مرۆڤ دەزانن و بەرگی کومونیستیان لەبەر کردوە، باسی مافی کەمایەتیە نەتەوەییەکان ئەکەن، بەڵام ئەبنە کەوا سوری بەر لەشکری دەوڵەتانی کونوپەرەست و شوڤینی ناوچەکە و ڕێبەرانی جینایەتکاری سەرمایەداریی نێونەتەوەیی بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتانی خۆیان و هاوکارییان ئەکەن، سیخوری و جاسوسییان بۆ ئەکەن، بەریوە بەری سیاسەتە دژی بەشەریەکانیانن لە ناوچەکە و جیهان، شەرەف و کەرامەت و مافەکانی میللەتی خۆیان بەرانبەر بە پارچە ئیسکیکی دەسەلات ئەفرۆشن و بەرانبەر بە قەتڵعام کردنی منداڵان و ژنان و هەژارانی جیهان و بێ دەنگن، بە ڕەواو پرۆسەی ئازادی و ڕزگاری دادەنین و کلکیان بۆ ئەلەقێنن، تەنیا ریاکاری و پەستی خۆیان سەلماندوە و ئێستاکە ڕوی دزێویان بۆ هەموان دەر کەوتوە و ڕسوا بون.
بەلام ئێمەی ئازادیخوازان، شۆرشگێرانی ڕاستەقینە، کومونیستەکان، شەرەف و خەبات و خەڵک و وڵاتی خۆمان ئەپارێزین و لە بارمتە و گرەوی دەسەڵات بە هەر قیمەتێک داینانێین. خەباتی ئێمە بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی ئاوات و مافە ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان، خەباتێکی بێ پاداش، شەرافەتمەندانە، سادقانە، لێبراو و بەردەوامە و لە ناوەرۆکی خۆیدا هەم سەربەخۆیە و هەم پشت ئەستور بە ویژدانی بێدار و ئینسان دۆست و عەداڵەت خوازە!!!

ئێمەی ژنان و پیاوانی کومونیستی کوردستان، جەماوەری کریکار و زەحمەتکێشی کورد، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز، پشت بە هێزی جەماواری و چینایەتی خۆمان بەرەوروی هەر داگیر کەر و سەرکوتگەریکی (دەرەکی یان ناوخۆیی) ئەبینەوە و ئیجازە نادەین لە ژێر ناو و دروشمی فریوکارانە و ڕەنگاورەنگی مافی میللەت، خودموختاری، فدرالیسم و دێموکراسی دا (کە بێجگە بیانو و درۆ و فروفێڵ بۆ چەواشەگەری و تاڵانی سامانی میللەت و دوبەرەکێ نانەوە لە نێوان میللەت دا هیچیتر نیە) جارێکیتر دەست درێژی بکەنە سەر ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان و خەباتی ئەم میللەتە ستەمدیتوە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەلایەتی بە لاڕێی دا بەرن و بیکەنە قوربانی پلە و مقام و حاکمیەتی خۆیان و ئەمپریالیستەکانی خاوەنیان!!